
## ڕووداوێک بە ناوی محەممەد کەمال؛ بە بیانووی کتێبی فەلسەفەی کانت



**کەیهان عەزیزی**

---

**ناسنامەی کتێب: «فەلسەفەی کانت»، د. محەممەد کەمال، چاپەمەنی سەردەم، ٢٠١٧.**




**ISBN: 9786226274425**

**Website: www.kurdishbookhouse.com**

**Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse**

تایبەت بە ماڵی کتێبی کوردی

www.kurdishbookhouse.com

## ❖ ڕووداوێک بە ناوی محەمەد کەمال؛ بە بیانووی کتێبی فەلسەفەی کانت

✓ کەیهان عەزیزی

### ❖ دەسپێك

لە زانستگای تەورێز خوێندکاری فەلسەفە بووم، کاتێ لە کتێبخانەی زانستگا و لە شوێنە تایبەتەکانی زانکۆ بۆ کتێب و گۆڤار دەسووڕامەوە دیتنی هەندێ کتێب، هەستێکی سەیریان لەلا دروست دەکردم. پاش بیست ساڵ هێشتا ئەو هەستە و ئەو کاتانەی نوقمی کتێبەکان دەبووم وەک چرکەساتە سیحراویەکان لە یادگەمدا ماونەتەوە. بڕێ لەو کتێبانە سەرسامیان دەکردم هێشتا ڕەنگی بەرگەکانیان و دیمەنی ڕیزەکەیان لە قەفەسەکان لەبەرچاومە. پێڕستی بڕێ لەو کتێبانەی زیاتر لەو کتێبەکانیتر بە لامەوە سەرسوڕهێنەر بوون: کۆبەرهەمی ئەفلاتوون، کۆبەرهەمی ئەرەستوو و فلۆتین و هەروەها چەند کتێبیتر وەک مێژووی فەلسەفەی کاپلستۆن و مێژووە چەند بەرگییەکەی ویلدۆرانت و چەند کتێبیتر بوون. سەرسامیەکەی من کەمتر بۆ خودی کتێبەکان دەگەڕایەوە، زیاتر بۆ ئەوە بوو کە ئەم کتێبانە چۆنچۆنی کراون بە فارسی؟ هەروەها خزمەتی وەرگێڕەکان بە ئەدەب و کولتووری فارسی منی سەرسام دەکرد. ئەم بەرهەمانە ئەوکات هیچکامیان بۆ کوردی پاچڤە نەکرابوون. کاتێ لە قەفەسەکان

www.kurdishbookhouse.com

کۆبەرهەمەکانی ئەفلاتوون و ئەرەستوو و فلۆتینم چاو لێ دەکرد کە بە قەڵەمی "حەسەن لوتفی" کراوبوونە فارسی و بە ڕووبەرگی ڕەشەوە لەسەر قەفەسەکان ڕیزکرابوون، بۆ کوردی و بۆ زمانی کوردی دڵم دەسووتا و هەستێکی سەیر تاسەباری دەکردم و بۆ چەند ساتێ متقم لێ دەبڕا و دارماڵ دەبووم لە تاسە و ئارەزوو. ئاواتەمەند بووم بریا ئەم کتێبانە ڕۆژێ دەکرانە کوردی و هەمووی ئەم باسانە بە "لەفزی کوردی" دەنووسرانەوە.

ڕۆژێک مامۆستاکەمان "حەسەن فەتحی" -وابزانم کۆرسی دوو بوو- وتی تۆ دەبێ نامیلکەی پارمنیدێس لە نووسینەکانی ئەفلاتوون کورت بکەیتەوە و وەک گوزارش بینووسیتەوە. ئەو نامیلکە، زۆر دژوار و گرنگە، بەڵام من تا لە دوو ڕستەی تێ دەگەیشتم ڕێم بە چواری نەدەبرد، بۆیە نامەیەکی خەیاڵیم بۆ جەنابی ئەفلاتوون نووسی و ئەوەی تێ دەگەیشتم باسم دەکرد و ئەوەیش نەمدەزانی چی دەڵێ بە خەیاڵ پرسیارم لە ئەفلاتوون و پارمنیدێس دەکرد. پرسیارەکانیشم بە توانج و بە زمانێکی شۆخی و تەوسەوە ئاراستەی پارمنیدێس و ئەفلاتوون دەکردن. ئیتر ئەو نامەیە، بوو بە چیرۆکێک و بیرەوەریەکی شیرین بۆ من و بۆ مامۆستاکەشم... ئەوەش بڵێم من بەرلەوەی بچمە زانستگا، کەڵکەڵەی خوێندنەوە و نووسینم هەبوو. هەر لەو ساڵانە بیرم دەکردەوە ئەگەر ئەم شتانە بە کوردی بنووسرێن چۆن دەبن و چییان لێ دەکەوێتەوە؟ ئەوکات بیرم دەکردەوە، خوزگە دەکرێ فەلسەفەی ئەفلاتوون بە کوردی بنووسرێتەوە؟ ئایا فەلسەفە بۆ منی کورد بە زمانی کوردی ئاسانتر نییە؟ لەبەر خۆمەوە دەمگوت ئایا

www.kurdishbookhouse.com

ئەگەر ئەم باسانە بە کوردی بنووسرێن منی خوێندکار، باشتر لە بابەتەکان و ئاڵۆزیەکانی فەلسەفە تێ ناگەم؟ مێشکم بەو پرسانەوەوە گەلێ سەرقاڵ دەبوو. جاران وام دەزانی ئەگەر لە باسەکانی ئەو نامیلگە تێ ناگەم، لەبەر زمانە فارسیەکەیە. لە لایەکیترەوە بە هەستێکی خۆ بەکەمزانیەوە واشم دەزانی لەوانەیە نەکرێ ئەمانە بە کوردی بنووسرێن! بۆیە دەچوومە خەون و خەیاڵی قووڵەوە و ڕۆژانێکم وێنا دەکرد زۆربەی ئەم کتێبانە کراون بە کوردی و هەمووی ئەم بابەتانە بە زمانی کوردی بۆ خوێندنەوە و تێڕامان دەست دەکەون. ئەوکات وام دەزانی وەرگێڕانی مێتافیزیکی ئەرەستوو بۆ سەر زمانی کوردی مومکێن نییە! هەر لەو ڕۆژانەش لەبەر خۆمەوە دەمگوت دەکرێ سەرەتا مێژووی فەلسەفە بە زمانی کوردی بنووسرێتەوە، پاشان بەرهەمە فەلسەفیەکان وەردە وردە بکرێنە کوردی؛ چون، وام دەزانی مێژووی فەلسەفە دەتوانێ زمانی کوردی بۆ فەلسەفە و فەلسەفاندن باشتر ئامادە بکات. بۆیە بە ئێنرژیەکی پڕ لە خەون و خەیاڵی لاویەوە بەپێی تەوانی ئەو ڕۆژانەم دەستم دایە نووسین و هەر لەسەرەتای فەلسەفەوە دەستم پێ کرد. لەبیرمە کتێبی "یەکەمین فیلسوفە یونانیەکان" لە نووسینی دوکتۆر "شەرەفەدین خوراسانیم نایە بەردەس و دەستم دایە نووسینی ژیان و وتەی فیلسوفە سەرەتاییەکان و تا سەردەمی سوقراتم نووسیەوە. بەداخەوە ئێتر ژیان و هەندێ کەڵکەڵەیتر نەیانهێشت و ئەو کارەش هەروا وەک حەسرەتێک مایەوە. بەڵام بە خۆشیەوە ئێستە سەرجەمی ئەو خەون و حەسرەت و ئاواتانە خەریکە بەدی دێن، بە تایبەت لە ڕێی


قەڵەمی بەبڕشتی کەسانێك وەك دوکتۆر "محەمەد کەمال"، فەلسەفە بە زمانی کوردی بووەتە واقیع و زۆر بابەتی فەلسەفی، هەر لە ڕێی ئەم بیرەمەندە بلیمەتەوە بە کوردی دەست دەکەون. بەڕاستی نووسینەکانی محەمەد کەمال جێگای شانازین و بنەمایەکی هێقمن بۆ فەلسەفە لە زمانی کوردیدا.

تەنیا شتێ لە زانستگای تەورێز ئەو هەستە بەکەم زانینەی منی خوێندکاری تۆزێ قەرەبوو دەکردەوە ژمارەکانی گۆڤاری سروە و بەتایبەت برێ لە بەرگەکانی گۆڤاری کۆڕی زانیاری بوون کە ژمارەکانی هەر ساڵێکی ئەو دوو گۆڤارە لە بەرگێکی گەورەدا جیاجیا ئارشیو کرابوون، بۆیە چەندین بەرگی گەورە گەورەی ئەم گۆڤارانە لە قەفەسەکان ڕازابوونەوە. هەر لە ڕێی ئەو بەرگانەی کۆڕی زانیاریشەوە بوو، بە قەڵەمی "مەسعوود محەمەد" و دەیان نووسەری‌تری کورد ئاشنا بووم. هەرکات بە حەسرەتەوە چاوم لە کتێبە فارسییەکان دەکرد هەستم بە بێتاقەتیی دەکرد، وەڕەز دەبووم، هەرچەند تەورێز لە کوردستان زۆر دوور نەبوو، بەڵام من لە ڕێی کاریگەری ئەم جۆرە بیرانەوە وام دەزانی لەوپەڕی دنیاوە دەژیم و هەستم بە غەریبییەکی سەیر و بە نامۆبوونێکی کوشەندە دەکرد. لەم ئانانە چەشنی غەریبێکی لانەواز پەنام بۆ بەرگەکانی کۆڕی زانیاری و ژمارەکانی گۆڤاری سروە و خوێندنەوەی دەقی کوردی دەبرد و لاپەڕەکانی ئەو دوو گۆڤارەم هەڵدەدانەوە و تۆزێ ئەهوەن

www.kurdishbookhouse.com

دەبوومەوە و هەستم دەکرد ئێستا لە شارەکەی خۆمانم، وام دەزانی هەموو نووسەرەکانی ئەم وتارانە دەناسم و هاوڕێمن.

### ❖ محەمەد کەمال



ڕێزۆمەی محەمەد کەمال، خەون و خۆزگە و ئاواتی هەر نووسەر و ڕووناکبیرێکە. محەمەد کەمال و نووسینەکانی بۆ زمانی کوردی و بۆ پانتای ڕووناکبیریی ئێمە ڕووداوێکێن و دڵنیام لە دوارۆژدا خوێندنەوە و باسی جۆراوجۆریان لێ دەکەوێتەوە. هەرچەند ئەم نووسەرە هەر ئێستا خەریکە و بەردەوام بەرهەم بڵاو دەکاتەوە، بەڵام هەرچی کات تێپەڕ دەبێ، زەمەن لایەنی ئەرێنی و نەرێنی کارە بەنرخەکانی ئەم نووسەرەمان باشتر بۆ دەردەخات. کاتێ چاوێک لە بەرهەمەکانی محەمەد کەمال دەکەیت لە یەکەم وارگەدا بۆت دژوارە باوڕ بکەی ئەم هەموو نووسراوە شازە بەرهەمی تاقە نووسەرێک بن. دڵنیام

ئەگەر ئەم دەقانە ئەوکات لە زانستگای تەورێز بوایەن منی خوێندکار ئەوەندە هەستم بە غەریبی و بە بێتاقەتی نەدەکرد. دیارە محەمەد کەمال جگە بە کوردی، بە ئینگلیزیش نووسیویەتی. کارەکانی بە کوردی کە لە ساڵی دوو هەزارەوە دەستی پێ کردووە زیاتر لە سێ بەشدا خۆیان دەبیننەوە: بەشێک لە کارەکانی وەرگێڕانی هەندێ شاکاری کلاسیکی فەلسەفەن وەک کۆماری ئەفلاتوون و سێ کتێبی مێتافیزیک و کاتیگۆریەکان و شێعری ئەرەستوو، بوون و نەبوونی سارتر، فینۆمینۆلۆژی هێگێل، بوون و کاتی هایدیگەر و... بەشێکیتر لە کارەکانی نووسینن لەسەر فیلسوفەکان وەک کانت و نیچە و هێگێل و سارتەر و هایدیگەر و... بەشی سێهەمیش هەندێ بابەتی گرنگی دنیای فەلسەفەن وەک کێشەی بوون و نهیلیزم، جوانی و ئۆنتۆلۆجی، بوون و داهێنان، هزری پاش مێتافێزیک، فەلسەفەی هونەر و دەیان باس و بابەتیتری بەسەر کردونەتەوە.

www.kurdishbookhouse.com

### ❖ کتێبی فەلسەفەی کانت

لەم ڕۆژانە کتێبێکی بە نرخی ئەم نووسەرە شازەم بەناوی **"فەلسەفەی کانت"** خوێندەوە. ئەم کتێبە ساڵی 2017 لە لایەن چاپ و پەخشی سەردەم لە 360 لاپەڕە و لە یانزە بەشدا بڵاو کراوەتەوە. بە گوێرەی شارەزایان، فەلسەفەی کانت یەکێ لە فەلسەفە دژوارەکانی دنیای فەلسەفە و فەلسەفاندنە. بەڵام ئەم دژواریە لە قەڵەم و دەربڕینی محەمەد کەمال تا ڕادەیەکی شیاو ئاسان و شیرین

کراوەتەوە. یاسپرس دەڵێ سەرلەبەری ئەو بیر و تێهزرینە کە ئێستا لەبەر دەستی مرۆڤە، بەرهەمی حەوت بیرەمەندە، دیارە کانت دوایین کەسی ئەو حەوت بیرەمەندەیە. کتێبی فەلسەفەی کانتی محەمەد کەمال، لەو بەرهەمانەی کە بە فارسی لەسەر کانت نووسراون نەتەنیا کەمتر نییە، تەنانەت جاران لەوان هەمەلایەنە و کۆداگرتریشە؛ لەبەر ئەوەی بڕێ لە نووسەرە فارسەکان جاران بەشێکی فەلسەفەی کانتیان باس نەکردووە. بۆ نموونە "محەمەدعەلی فروغی" لە کتێبە بەناوبانگ و شازەکەیدا باسێک لە فەلسەفەی دین و فەلسەفەی هونەری کانت ناکات. "کەریم موجتەهێدی" لە کتێبەکەی -"فەلسەفەی ڕەخنەکاری کانت"- بە هیچ جۆرێک بە لای باسی جوانیناسیدا ناچێت؛ واتە بە جۆرێک ئاورێک لە ڕەخنەی سێهەم ناداتەوە و تەنیا باس لە دوو کتێبی کانت، واتە ڕەخنەی ئاوەزی پەتی و ڕەخنەی ئاوەزی پراکتیک دەکات. "موستەفا مەلەکیان"یش هەرچەند لە مێژووی فەلسەفەکەیدا بە چڕوپڕی بە پێی مەجالی کتێبەکەی باس لە کانت و باس لە فەلسەفەی دینەکەی دەکات، کەچی ئەویش خۆی لە قەرەی باسی هونەر و جوانیناسی نادات. بەڵام کتێبەکەی محەمەد کەمال، هەتا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی فەلسەفەی کانت کۆداگر و گشتگر گوزارش بکات. نووسەر، لە چوارچێوەی باسەکانیش ئاماژە بە بیروڕای فیلسوفە ڕابردووەکان، بە تایبەت فیلسوفانی یونان و ڕێبازی ئاوەزخوازەکان و ئەزموونخوازەکان، وەک لایبنیتز و دێکارت و هەرواتر دەیڤید هیوم دەکات. لە کۆتاییشدا دەپەرژێتە سەر کاریگەریەکانی فەلسەفەی

www.kurdishbookhouse.com

کانت و بۆمان دەڵێ ئەم بیرەمەندە پاش خۆی چ کاریگەریەکی داناوە. ڕەنگە کتێبک لە ئەدەبی فارسیدا لە باری گشتگریەوە، تا ئەو شوێنەی من ئاگادارم، لەگەڵ کتێبەکەی محەمەد کەمال شیاوی بەراوەردکردن بێت کتێبێکە لە نووسینی "میرعەبدولحوسەین نەقیبزادە" بە ناوی فەلسەفەی کانت یا هەستانەوە لە خەوی چەقبەستوویی. دیارە لە ئەدەبی فارسیدا لە بارەی کانتەوە زیاتر لە هەر فیلسوفێک بابەت و نووسراوەمان هەیە. بە پێی وتەی مەلەکیان، دەڵێ بە باوەڕی خودی ڕۆژاوایەکانیش کتێبی "فەلسەفەی کانت" لە نووسینی "ئێشتفان کورنەر"، باشترین و شیاوترین کتێبە لەسەر کانت نووسراوە کە یەکێ لەسەرچاوەکانی محەمەد کەمالیشە، بە خۆشحاڵییەوە ئەم کتێبەش لەلایەن کاک سەعیدی کاکییەوە کراوەتە کوردی.

کانت بەگشتی باسی بیرۆکە و بڕیار و زانین و سنوورەکانی زانین دەکات. ئەوەی کە ئێمە چی دەزانین و چۆن دەزانین؟ زانینی ئێمە تاکوێ بڕ دەکات؟ محەمەد کەمال لە زمانی کانتەوە پێمان دەڵێ سەرچاوەی زانین، هاوکاریکردنی هەست و تێگەیشتنە، کە لە ڕێی ڕستەی "تێهەڵکێشراوی لەپێشتر"ەوە بەیان دەکرێ. گوزارەی تێهەڵکێشراوی لەپێشتر، لە لایەکەوە لە دەرەوەی ئەزموونە و پەیوەندی بە ئەزموونی مرۆڤەوە نییە (لەپێشترە). لایەکیتریشەوە ڕستەی شیکاری نییە؛ واتە بار و بنە، لە هەناوی یەکتردا نین. (ڕستەی تێهەڵکێشراوە.) هەست و تێگەیشتن، تەنیا لە ئاقاری دیاردەکاندا کار دەکەن. کەچی مروڤ بۆ هەمیشە لە جیهانی دیاردەکان نامێنێتەوە و



www.kurdishbookhouse.com

خوازیارە ئەودیوی دیاردەکان یانی دنیای نۆمینەش بناسێت. بەڵام بۆ ئەم مەبەستە شتێکیترمان پێویستە و کانت ناوی دەنێتە "هۆش" یان عەقڵ؛ چون تەنیا عەقڵ دەتوانێ ئەو ڕاستەقینە بناسێت کە دیاردە نییە؛ لەبەر ئەوەی، "هەست" و "تێگەیشتن" ناتوانن ئەو کارە بکەن. دیارە کانت باسی یاساکان و تایبەتمەندییەکانی ئەم سێ خسڵەتەی زانینی مرۆڤ، یانی "هەست" و "تێگەیشتن" و "هۆش" دەکات و پێمان دەڵێت ئەم سێ هێزە چۆن کار دەکەن و دەوریان لە زانین چییە. هەروەها پێوەری ڕاستی بۆ بڕیارەکان لەم سێ بەشەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە؛ پێمان دەڵێ کەی و چۆن بڕیارێک ڕاستە... ئیتر بەم جۆرە چیرۆکی فەلسەفەی کانت لە لۆژیک و زانینەوە بۆ دنیای ئاکار و خوا و خۆ و جیهان و جوانیناسی درێژ دەبێتەوە. نووسەری کتێبی فەلسەفەی کانت، محەمەد کەمال، بە وردی و لەسەرخۆ ئەم چیرۆکە سێحراویە، ئەم دنیا پڕ ڕاز و ڕەمزە بە زمانێکی سادە و تێگێنەر بۆ خوێنەری کورد دەگێڕێتەوە. بە چڕوپڕی باسی جیهانی دووچاوگەیی فینۆمینە و نۆمینەی کانت دەکات. ئەم سیستمە دووەلیستییەی کانت لەسەر فێرگە فەلسەفییەکانی پاش کانت کاریگەری زۆر دادەنێت. بەباوەڕی کانت جیهانی نۆمینە، جیهانی ڕاستەقینە و بنەمای دیاردەکانە، ئەم جیهانە ناکەوێتە بەر ڕۆشنایی زانین و مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت بیناسێت. دیارە هۆش، بە باسکردن لە مەڕ ئەم جیهانەوە خۆی سەرقاڵ و ماندوو دەکات؛ بەڵام ئەم ماندووبوونە ماندووبوونێکی بێکەڵکە و زانیاریەکانیش بێناوەڕۆکن. هەڵبەت مرۆڤ دەتوانێ هەمیشە لەسەر ئەم ڕاستەقینەیە باس بکات و شتێك

www.kurdishbookhouse.com

ڕێگە ناگرێت باوەڕی پێ بکات، لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانێ بوونی ڕاستەقینەی ئەم جیهانە بسەلمێنێت. ئەمە لایەنی نێگەتیڤی فەلسەفەی کانتە. بەڵام لایەنی پۆزەتیڤی ئەم فەلسەفە ئەوەیە خوازیارە بنەمایەك بۆ زانین سەبارەت بە جیهانی فینۆمینە دابمەزرێت کە ئەم زانینە لە ئاکامی هاوکاریکردنی دەرککردنی هەستەکی و تێگەیشتن ڕوو دەدات. مرۆڤ بە دەرککردنی هەستەکی ئەزموونی دیاردەکان و بە یارمەتی تەواناییی تێگەیشتن، ئەزموونی ئەو هەبووە هەندەکیانە دەخاتە نێو فۆرمی هەمەکییەوە. ئەم پرۆسەی هەمەکیکردنەی ناوەڕۆکی هەندەکی، دەبێتە هۆکاری زانین.

دەبینین کانت لە ئاستی نۆمینەدا تووشی نازانمکاریمان دەکات، بەڵام لە ئاستی دیاردەکاندا هەموو گومان و ئەگەرێك دەسڕێتەوە. ئەم دوو لایەنەی فەلسەفەی کانت، پاش کانت دوو جۆر هەڵویست و کاردانەوەی لێ کەوتوەتەوە. لە لایەکەوە فیلسوفانێك وەك فیختە، شوپنهاوێر، هێگێل، یاکۆبی و شلایەرماخێر هەرکام بە شێوازی خۆیان بەڵام تا ڕادەیەك نزیك لەیەکیش خوازیارن ئەو سیستمە دووەلیستییەی کانت هەڵبوەشێننەوە و سیستمی "یەکانەگی" لە جێگای دابمەزرێنن. لە لایەکی ترەوە فەلسەفەی کانت، "کانتیزمی نوێ"ی لێ کەوتەوە کە زیاتر لە دوو فێرگەی ماربۆرگ و فرایبۆرگ خۆیان بینیوەتەوە، بیرمەندەکانی ئەم ڕێبازە لە نێوان ساڵەکانی 1870 تا 1920 لە ئاڵماندا ژیاون. کانتیزمە نوێکان، بە سەرهەڵدانی فینۆمینۆلۆژی هۆسرێڵ و بوونگەرایەتی هایدیگەر، ئێتر چالاکییەکانیان بەرەو کزی چوون.

www.kurdishbookhouse.com

## ❖ دوو تایبەتمەندی

محەمەد کەمال لە نووسیندا هەڵگری دوو تایبەتمەندی گرنگە: هەم قەڵەمی ڕەوان و بێ گرێوگۆڵە، هەمیش تا ئاستێکی شیاو وشەکان و نەسرەکەی کوردییەکی پەتیی و ڕەسەنە. بۆیە خوێنەر بە ئاسانی لە قەڵەم و لە باسەکانی ئەم نووسەرە بەباشی تێ دەگات و دەزانێ چی دەڵێت. ئەمەش بە دڵنیایی خاڵێکی ئێژامەندە و بۆ هەر نووسەرێک دەسکەوتێکی زێڕینە. دەکرێ ئەو پرسیارەش بکەین ئایا ئەم جۆرە نووسینە، ئەو هێز و پتانسیلەی هەیە ببێتە نەریتێک بۆ زمان و نووسینی فەلسەفە بە زمانی کوردی؟ ئەم جۆرە نووسینە چۆن لەسەر پەخشانی فەلسەفی کاریگەری دادەنێت؟ و.. ئەم تەرزە پرس و شیمانگەلە بابەتی دوارۆژن و دەبێ بزانین لە بەستێنێ نووسین و ڕۆشنبیریی کوردیدا بەرەو کام ئاقار مل دەنێن. هەروەها لە یەکەم ڕوانیندا واهەست دەکەی لە نووسینی ئەم نووسەرە بلیمەتە، زۆر تەوان و ئێمکانی زمانیی هەن کەڵکیان لێ وەرنەگیراوە و دەتوانێ لایان لێ بکاتەوە. بۆ نمونە دەکرێ بێژین محەمەد کەمال لەباری وشەوە، ئەو مەجالەی هەیە و دەتوانێ زۆر زیاتر لەمە دەستی ئاواڵەتر بێت و لە وشە و دەستەواژەی زیاتر کەڵکوەربگرێت. ئەمە لەلایەک، لە لایەکیترەوە لەوانەشە هەر ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە لەگەڵ زمان، لە دوا ڕۆژدا خاڵی بەهێزی محەمەد کەمال ئەژمار بکرێت و بڵێن ئەم نووسەرە، هەر لە ڕێی ئەم زمانە بێ پێچوپەنا و



www.kurdishbookhouse.com

ڕەوانەی خۆیەوە توانی دژوارترین و ئاڵۆزترین باس و بابەتە فەلسەفیەکانی مێژووی فەلسەفە لە ڕێی ئەم قەبارە وشەوە بۆ خوێنەری کورد بگوازێتەوە و بناخەیەکی باش بۆ زمانی فەلسەفی دابڕێژێت. (؟)

## ❖ دوو کەموکورتی

ئەگەر بکرێ دوو خەسار یان دوو کەموکورتی لە نووسینی محەمەد کەمال دەستنیشان بکەین، ئەو دوو خەسارە ئەمانەن: هەر بەو چەشنەی دۆستانی‌تریش وتویانە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی بۆ هەندێ بابەت و بەتایبەت بۆ هەندێ زاراوە و دەستەواژەی ناوازە، یان نییە یان زۆر کەمن. هەرچەند لەم کتێبەی کانت بە خۆشحاڵییەوە تۆزێ ئەو پەراوێزانە زیاتر کراون و لە ئاخری کتێبەکەشەوە هەندێ زاراوە و بابەتی شیکاری کردوون، بەڵام هێشتا زۆر زاراوەی‌تریش هەن بۆ خوێنەر دژوار و کاتبەرە هاوواتا ئێنگلیسیەکەیان بدۆزێتەوە. بۆ ئێمەمانانیش کە زمانی خوێندنەوەمان زیاتر فارسییە و چەمکە فەلسەفییەکان بە فارسی لە مێشکماندا تۆمار کراون، (لەوانەیە کەسێکی‌تریش عەرەبی بێ، هەر بەو شێوەیە) جاران بۆ ئەوەی وێنایەکی زێهنیمان بۆ باسەکان هەبێ و بۆ ئەوەی باشتر لەگەڵ وشە کوردیەکان خۆمان ڕابێنین و چەمکەکان لەگەڵ زانیاریەکانی خۆمان ڕێکبخەین، خۆبەخۆ زەین، بەرامبەرە ئێنگلیسی یان فارسی یان عەرەبیەکەش وێنا دەکاتەوە. بۆیە ئەگەر هاوواتا ئێنگلیسیەکە (وەک

www.kurdishbookhouse.com

زمانی هاوبەش) لە پەراوێزدا هەبێ ئەو دۆزینەوانە و ئەو بەراوەردکردنە ئاسانترە و خوێنەری کورد زووتر لەگەڵ زمانە فەلسەفیەکە ڕادێت و تێ دەگات. بۆ نمونە ماوەیەکی خایاند تاکو زانیم (بیرۆکە) لەم کتێبە بۆ چ مانایەک بەکار براوە. دیارە لە نووسینی کوردیدا "بیرۆکە" بۆ هاوتای(theory /نظریە) جێکەوتووە. بەڵام لێرە نووسەر زۆرجار بیرۆکەی لە بەرامبەر (jugement/حکم) نووسیوە.

### ❖ دوایین خاڵ

وەک خاڵێکیتر کە بە وتەکانی سەرەوە زیاد بکەم ئەوەیە ئەگەر هەڵەم نەکردبێ مامۆستا محەمەد کەمال زۆر متمانە بە حافیزەی خۆی دەکات و زۆریش بە جدی ئاور لە ئێستای زمانی کوردی و لە ئێستای نووسینی کوردی ناداتەوە، یان باشترە بڵێم دەرفەت و مەجالی کەمە تا ئاور لە بوارەکانی نووسین و پەخشانی کوردی بداتەوە. ئەو کارە دەتوانێ لە چەند ڕەهەندەوە یارمەتی هەر نووسەرێک بدات و دەکرێ لە ئەزموونی کەسانیتر بە چەند جۆر کەڵکوەر بگرێت. لە پێشەکی کتێبی فەلسەفەی کانت، خۆی بە جۆرێک ئاماژە بەم خاڵە دەکات. دەڵێ "ڕەخنەی هۆشی پەتی" و "ڕەخنەی هۆشی پراکتیک" کە دوو بەرهەمی هەرە گرنگی کانتن لە لایەن سۆران عومەر کراونەتە کوردی. کتێبی "دانانی بنەماکانی مێتافیزیکی ئاکار"یش، کتێبێکیتری گرنگی کانتە، ئەویش لە لایان د. حەمید عەزیز کراوە بە کوردی و لە ساڵی 207 بڵاو بوەتەوە. بەڵام بەڕێزیان دەڵێن: "کاتێ لەسەر ئەم

www.kurdishbookhouse.com

پرۆژە (مەبەستی کتێبی فەلسەفەی کانتە) کارم دەکرد، ئەو پەرتووکانەی کانتم بە کوردی لەبەر دەستدا نەبوون تا سوودیان لێ وەربگرم." دیارە ئەم دیاردە هەم هەڵەکان زیاد دەکات، هەمیش هەر نووسەرێک بە جیا هەڵە دەکات و هەڵەکان دێر چارەسەر دەبن. هەروەها ئەمە وا دەکات نووسینی فەلسەفە بە زمانی کوردیش دێرتر بەرەو یەکگرتوویی و پوختەیی بچێت. هەر بۆ نمونە وشەی عەقڵ(reason)، حەمید عەزیز لە وەرگێڕانی کتێبی دانانی بنەماکانی میتافیزیکی ئاکار بە "ژیر"ی و محەمەد کەمال بە "هۆش" دەینووسنەوە. کەچی هەر دوو وشەکەش بۆ عەقڵ شیاو نین. سەرەتا پێم وایە پێویست ناکات هەندێ وشە وەک عەقڵ، لە زمانی کوردی بکرێنە دەرەوە، ئەگەریش بڕیارە هاوتایەکی کوردیمان لە تەنشت وشەی عەقڵ هەبێ، "ئاوەز" لە هەموویان شیاوترە. بۆ وشەی Synthesis محەمەد کەمال "تێهەڵکێشراو"، حەمید عەزیز "لێکدراو"ی داناوە. لە فارسیدا (ترکیب و تالیف)، لە کار دەکەن. بۆ وشەی Pure (محض)، محەمەد کەمال "پەتی" و حەمید عەزیز "بێگەرد" دادەنێت. دیارە ئەم وشانە فرەن و ئێمەش مەبەستمان بەراوەردی ئەم دوو نووسەر نییە. مەبەستم ئەوەیە نووسەر و وەرگێڕە گەورەکان دەبێ ئاگاداری کاری یەکتر بن هەتا هەم زمانی نووسینمان بیچمێکی شیاو وەربگرێت، هەمیش بۆ زاراوەکان لە زانستەکاندا باشترین وشە هەڵبژێرین. ئەمە وا دەکات وشەکان بۆ نووسەر و بۆ خوێنەرەکانیش جێ بکەون. دیارە هەر ئەمە خوێندنەوە و نووسینیش ئاسانتر دەکات.

ڕەزبەری ١٣٩٩ هەتاوی

www.kurdishbookhouse.com

## ❖ چەند زاراوەی سەرەکی

بڕێ لە زاراوە سەرەکییەکانی فەلسەفەی کانت کە محەمەد کەمال لەو کتێبە لە کاری کردوون ئەمانەی لای خوارەوەن کە هاوتا باوە فارسییەکەیان دەنووسمەوە.

لەپێشتر: پیشین، ماتقدم

لەپاشتر: پسین، ماتاخر

تێهەڵکێشراو: ترکیبی، تالیفی

زانین: معرفت، شناخت

چەندەکی: کمیت

چۆنێتی: کیفیت

پەیوەندی: نسبت

مەرجداریێتی: جهت

هۆش، هۆشەکی: عقل، عقلی

تێگەیشتن: فاهمە

هەستەکی: حسی

www.kurdishbookhouse.com

پەتی: محض

دستەواژە، ڕستە: گوزارە

بیرۆکە: تفکر، (حکم، تصدیق)

بنە: موضوع

بار: محمول

هەمەکی: کلی

هەندەکی: جزیی

تاکی: شخصی

سەلمێنەر: موجبە

ڕەتدانەوە: سالبە

نەبڕاوە: عدولە، حصر

کاتیگۆریانە: حملی

گۆیایی: شرطی

لێکترازاو: انفصالی

هەمەکیی سەلمێنەر: موجبەی کلیە

هەمەکیی ڕەتدانەوە: سالبەی کلیە

www.kurdishbookhouse.com

هەندەکیی سەلمێنەر: موجبەی جزئیە

هەندەکیی ڕەتدانەوە: سالبەی جزئیە

گرفتدارێتی: ظنی، احتمالی

داکۆکی: قطعی، تحقیقی

بەڵگەدار: یقینی، برهانی

زکماکی: فطری

فێرگە: مکتب

یەکێتی: وحدت

ناوەڕۆک: محتوا

دەستەواژەی تێهەڵکێشراوی لەپێشتر:

کزارەی تالیفی پیشین

شیکاری: تحلیلی

فرەیی: کثرت

سەرجەم: تمامیت

ڕاستەقینە: ایجاب

ڕەتدانەوە: سلب

www.kurdishbookhouse.com

سنووردارێتی: عدول

جەوهەر، ڕوداو: جوهر، عرض

هۆکار و هۆکرد: علت و معلول

گۆڕینەوە: مشارکت

شیاو- نەشیاو: امکان- امتناع

بوون- نەبوون: وجود، لاوجود

وجوب(ضرورت)-امکان خاص: پێویست-ڕێکەوت

ئەزموونی هەستەکیی: تجربەی حسی

ئەگەر: احتمال

فۆرم: صورت

بابەت: عین

یاسای شوناس: اصل هوهویت

ماتەر: مادە

کاتیگۆریەکان: مقولات

ئیندەکشن: استقراء (از جزئی بە کلیات)

دیدەکشن: قیاس (از کلی بە جزئیات)

www.kurdishbookhouse.com

سکێماتیزم (نەخشەدانان): طرحواره

ترانسێندێنتاڵ(بەرزتر): استعلایی

ئەنتینۆم : تعارض

نۆمینە: ناپدیدار

دیاردە: پدیدار (فینۆمینە)

سیلۆجیزم: استدلال قیاسی (صغرا و کبرا)

دیالێکتیک: جدلس

لە نێو خۆ: فی نفسە

خۆ: نفس

ئاگامەند: آگاە

سەربەست: مختار

بکەری ئاکاری: فاعل اخلاقی

ویست: ارادە

بەرزترین چاکە: خیراعلاء

والا، والایی: شکۆ، شکۆداری

بەڵگە نەویستەکانی دەرککردن: علوم متعارفەی حسی

www.kurdishbookhouse.com

چاوەڕوانکراوەکانی هەستکردن: پیش‌یابی ادراک حسی

شوبهاندنی ئەزموون: تشابهات تجربی

گریمانەکانی بیرۆکەی ئەزموونی بە گشتی:

اصول موضوعەی تفکر تجربی بە نحو کلی

■ هاوڕێمان بن لە ماڵی کتێبی کوردی:

■ **Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse**

www.kurdishbookhouse.com